# بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی كوردی لە شاری بەغدا 1959-1975-دا
## لێكۆڵینەوەیەكی مێژووییە

(PP 82 - 94)
**ID No.1756**
http://dx.doi.org/10.21271/zjhs.22.3.5

**پ.ی.د.ئازاد عوبێد ساڵح**
زانكۆی سەڵاحەددین- هەولێر/ كۆلێژی ئەدەبیات- ب.مێژوو
azad.salih3@su.edu.krd

**م.ی.هۆشەنگ ساڵح نەجار**
زانكۆی سەڵاحەددین -هەولێر/ كۆلێژی ئەدەبیات-ب.مێژوو
hoshang.muhammad@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2017/10/25**
**پەسندكردن : 2018/01/02**
**بڵاوكردنەوە : 2018/05/15**

**پوختە**

دوای لكاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراق لە ساڵی 1925دا، دەبوایە مافە نەتەوەییەكانی كورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی تازەدا دابین بكرێت، یەكێك لەوانە مافی خوێندن بە زمانی كوردی بوو. بەڵام دەوڵەتی عێراق وەك پێویست ئەم مافانەی بۆ كورد دابین نەكرد. لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی چواردەی تەممووزی ساڵی 1958دا، هەندێ لە مافەكانی كورد دەستەبەر بوو، یەكێك لەوانە كردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی كوردی بوو لە ساڵی 1959دا، كە كەوتە بایەخدان بە خوێندنی كوردی و زمانی كوردی و بواری پەروەردە لە كوردستاندا. بەڕێوەبەرایەتییەكە لە ماوەی ئەم توێژینەوەیەدا (1959-1975) توانی گەلێك دەستكەوتی گرنگ لە بواری پەروەردە و ڕۆشنبیریی كوردی بەدەست بهێنێت. وەك وەرگێڕان و دانانی كتێبە پەروەردەییەكانی قوتابخانە و كردنەوەی قوتابخانەی تازە لە كوردستاندا. بەڵام بەڕێوەبەرایەتییەكە لە كێشە و كەموكوڕی بەدەر نەبوو، تەنانەت بۆ ماوەیەك دوچاری داخستن هاتەوە. تاكو لە ساڵی 1967دا جارێكی دیكە و بە گوڕوتینێكی تازەوە كەوتەوە كاركردن. لە دوای ڕێككەوتننامەی ئاداری ساڵی 1970دا، خزمەتێكی بێ وێنەی بە جوڵانەوەی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی كوردی كردووە، خوێندن لە قوتابخانەكانی كوردستان بە سەرجەم قۆناغەكانییەوە كرایە كوردی، دەیان خولی پەروەردەیی بۆ مامۆستایانی كورد كرایەوە، چەندان قوتابخانەی تازە لە كوردستاندا دروست كران. بەم پێیەش تاكوو ساڵی 1975, دەزگاكە بەشدارییێكی كارای لە پەرەسەندنی بزاڤی ڕۆشنبیریی كوردییدا كردووە.

**دەستەواژە گرنگەكان:** شاری بەغدا، خوێندنی كوردی، قوتابخانە، بوارە پەروەردە، قوتابیان.

## پێشەكی

لێكۆڵینەوە لە مێژووی ڕۆشنبیریی، بەشێكی سەرەكی لە مێژووی هەر نەتەوەیەك بە شێوەیەكی سەرەكی پێك دەهێنێت، یەكێك لە گرنگترین ئەو لایەنانەی كە ئاستی ڕۆشنبیریی كۆمەڵگاكانی جیهانی بەرەو پێشەوە بردووە، بایەخدان بەلایەنی پەروەردە و خوێندن بە زمانی زگماكی ئەو كۆمەڵگایە بووە. شۆڕشی چواردەی تەمموز لە عێراقدا لە زۆر لایەنەوە كاریگەری لەسەر پێشخستنی بزاڤی ڕۆشنبیریی كوردی دروست كرد، یەكێك لە گرنگترین ئەو لایەنانە كردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی كوردی لە شاری بەغدا بوو. كە تایبەت بوو بە سەرپەرشتییكردنی بواری پەروەردە و خوێندنی كوردی لە كوردستاندا، كە سەر بە وەزارەتی مەعاریفی ئەو كاتەی عێراق بوو.

بەڕێوەبەرایەتییەكە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە كێشە و كەموكوڕی بە دەر نەبووە، كە بەشێكی دەگەڕێتەوە بۆ فەرامۆشكردن و وەك پێویست گرنگی پێنەدانی لەلایەن حكوومەتی عێراقییەوە. تەنانەت دوای تێكچوونی پەیوەندییەكانی نێوان كورد و عەبدولكەریم قاسم و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول (1960) ، كاری دەزگاكە بە یەكجاری خرایە خانەی فەرامۆشییەوە و كارەكانی ڕاگیران. بەڵام لە دوای ساڵی(1967)وە جارێكی دیكە و بەگوڕوتینێكی تازەوە كەوتەوە كاركردن. لە دوای ڕێككەوتننامەی ئاداری (1970)یشەوە، بووە یەكێك لەو دەزگایانەی كە زۆرترین خزمەتی بە بواری پەروەردە و خوێندنی كوردی و تەنانەت بوارەكانی دیكەی ڕۆشنبیریی كوردییدا كردووە. لەم ماوەیەدا(1970-1975) سەرجەم قۆناغەكانی خوێندن لە كوردستان كرانە كوردی. كە ئەمەش دەسكەوتێكی گرنگی مێژوویی بوو، كە كورد لەم قۆناغەدا بە دەستی هێنا.

ماوەی توێژینەوەکە بە ساڵی 1959 دەست پێدەکات، کە ساڵی دامەزراندنی دەزگاکە بوو، لە شاری بەغدا. بە ساڵی 1975 کۆتایی دێت کە ساڵی نسکۆی شۆڕشی کوردە، بێگومان کاریگەری لە سەر بواری پەروەردە و بوارەکانی ڕۆشنبیریی کوردی بە گشتی دروست کرد.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازە و سێ بەش پێکهاتووە. لە دەوازەدا: (سەرنجێک لە بارەی ڕەوشی خوێندنی کوردی بەر لە شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨)، تیشك خراوەتە سەر هەڵوێستی حکوومەتی عێراق بەرامبەر بە خوێندن بە زمانی کوردی لە کوردستانی عێراق و ڕۆڵی ڕۆشنبیران و کەسایەتییە کوردەکان بۆ بایەخدان بە زمانی کوردی. لە بەشی یەکەمیشدا: (دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی)، باس لە سەرەتاکانی دروستبوونی دەزگاکە و ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی کورد لە دروستکردنییدا کراوە. لە بەشی دووەمیشدا: (کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی)، کار و چالاکییەکانی دەزگاکە و ئەو هەنگاوانەی سەبارەت بە خوێندنی کوردی هاویشتوویەتی خراونەتە ڕوو. لە بەشی سێیەمیشدا: (کێشە و گرفتەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی)، دیارترین کێشەکانی دەزگاکە بە درێژایی وێستگەکانی ئەو قۆناغە (1958-1975) دەستنیشان کراون.

سەرچاوەکانی بۆ ئەم توێژینەوەی بەکارهاتوون چەند جۆرێکن، یەکێك لەوانە بریتییە لە کتێبەکان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەو کتێبانەش وەك بیرەوەری هەریەك لە جەمال نەبەز بەناوی (باسنامە) و مستەفا نەریمان بەناوی (بیرەوەرییەکانی ژیانم) و (گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستاندا)ی دکتۆر محەمەد عەبدوڵڵا کاکە سوور، کە گەلێك زانیاری گرنگییان دەربارەی بەڕێوەبەرایەتییەکە گرتۆتە خۆ. دووەم سەرچاوە ئەو بابەت و وتارە ڕۆژنامەوانییانەن کە لەلایەن نووسەر و ڕۆشنبیرانی کوردەوە دەربارەی مێژوو، هەروەها کار و چالاکییەکانی دەزگاکە بلاوکراونەتەوە، لەوانەش وەك بابەتەکەی کەریم شارەزا بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی) لە گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول) و وتارێکی دکتۆر ئیحسان فوئاد لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) لە ژێر ناوی (خوێندنی کوردی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا). جۆرێکی دیکە لە سەرچاوەکان گۆڤار و ڕۆژنامەکانن کە بەزمانی کوردی و عەرەبی لەو ماوەیەدا بلاوکراونەتەوە، گەلێك زانیاری بە سوودیان دەربارەی دەزگاکە و کار و چالاکییەکانی گرتۆتە خۆ، گرنگییەکەشیان زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خۆیان هاوسەردەمی کاری دەزگاکە بوون و چالاکییەکانیان تۆمارکردووە، لەوانەش وەك گۆڤاری (هەتاو) و ڕۆژنامەکانی (خەبات) و (ژین) و (هاوکاری) و (برایەتی). هەروەها گۆڤارێکی وەك (پەروەردە و زانست) وەك زمانحاڵی دەزگاکە، کار و چالاکییەکانی دەزگاکەی بڵاوکردۆتەوە.

**دەروازە. سەرنجێک لە بارەی ڕەوشی خوێندنی کوردی بەر لە شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨:**

ڕەوشی خوێندن و باری خوێندنی کوردی لە کوردستانی عێراقدا، بەر لەشۆڕشی (14ی تەمموزی ساڵی1958)، لەلایەن وەزارەتی مەعاریفی عێراقییەوە بەتەواوی فەرامۆشکرا بوو، بایەخی پێنەدرابوو (البوتاني، 2002، ص37). لە یەکەم دەستووری عێراقی کە لە ئاداری ساڵی 1925دا بلاوکرایەوە، بەهیچ شێوەیەك ناوی کورد و زمانەکەی نەهاتووە و هیچ ماددەیەکی بۆ تەرخان نەکراوە، بەڵکوو لەم دەستوورەدا بە شێوەیەکی گشتی باسی نەتەوە جیاوازەکانی عێراق کراوە، بۆ نموونە لە ماددەی شەشەمدا دەڵێت: جیاوازی لە نێوان عێراقییەکاندا لە ماف و لە بەرامبەر یاسادا نیە، بەڵکوو جیاوازیان لە نەتەوە و ئایین و زماندا هەیە (القانون الاساسي العراقي لعام 1925). ئەمەلەکاتێکدا زمان یەکەم پێناسەی هەر نەتەوەیەکە، ئەم ڕاستییەش لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە هەر لە زووەوە درکی پێکراوە. هەر لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە، کوردانی باشووری کوردستان و شاری بەغدا، گەلێ هەنگاویان بەئاراستەی بایەخدان بەزمانی کوردییەوەنا، هەم لەڕێگەی هەوڵدانی سیاسییەوە کاریان بۆ ئەوە کردووە زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی لە عێراق و کوردستان و لە قوتابخانەکاندا بەو زمانە بخوێندرێ و بخوێندرێتەوە و لە فەرمانگەکانیشدا کاری پێ بکرێت (کاکە سوور، 2004، ل91-98).

لە شوباتی ساڵی 1926دا لەلایەن یازدە پەرلەمانتاری کوردەوە یادداشتێك بۆ پەرلەمانی عێراقی بەرزکرایەوە، کە تیایدا داوای مافە نەتەوەییەکانی کورد و گرنگیدان بە زمانی کوردی لە خوێندن و دامودەزگاکانی حکوومەتدا، کرابوو (هاوار، 1991، ل606-607). هەر لەم ساڵەدا لێژنەیەکی چوارکەسی کە ئەوانیش (تۆفیق وەهبی) و (عەبدولڕەحمان ساڵح) و (شوکری فەزڵی) و (نووری بەرزنجی)، بۆ ئامادەکردنی کتێبی ڕێزمانی کوردی بۆ قوتابخانەکانی کوردستان پێکهێندرا، هەرچەندە لەلایەن وەزارەتی مەعاریفی عێراقییەوە، گەلێك کێشە لەبەردەم کارەکانی لێژنەکە دروست کرا (الحصري، 1968، ص457-459)، بەڵام لەو ساڵە بەدواوە خوێندنی کوردی لە بەشێکی قوتابخانەکانی کوردستاندا دەستی پێکردووە، چەند کتێبێکی زمانەوانی و پەروەردەیی کوردی بە چاپ گەیەندران، لەوانەش وەك بەشی یەکەمی (قیرائەت)ی سەید نووری بەرزنجی و سەید فەتاح بەرزنجی لە ساڵی 1927دا، (تاریخ بۆ سنفی دووەمی ئیبتیدائی)ی مەحموود حیلمی و (دەرسی ئەشیا)ی عەبدوڵڵا عەزیز (1904-1961). (کاکە سوور، 2004، ل٣٢١-٣٤١) و

(موختەسەری سەرف و نەحووی کوردی)ی سەعید سدقی کابان (1868-1961) و (دەستووری زمانی کوردی)ی تۆفیق وەهبی ساڵی 1928، (ئەلفبای کوردی)ی ئەحمەد عەزیز ئاغا (1894-1968) ساڵی 1929،(بەرگی ئیملای کوردی)ی مەعروف جیاووك لە ساڵی 1930.(نەریمان، ١٩٧٧، ل٢٤-٢٧)

لە ساڵی1930یشدا دیسان پەرلەمانتارانی کورد، ڕاپۆرتێکیان دایە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و داواکرا، دان بە مافە ڕۆشنبیرییەکانی نەتەوەی کورد بندرێ، وەك مافی زمان (البوتاني، 2001، ص55). ئەم هەوڵانەش بەردەوام بوون تاکوو لە ساڵی 1931دا دەوڵەتی عێراق لە یاسای زمانە خۆجێییەکاندا، مافی زمانی کوردی لە قوتابخانەکان و دادگاکاندا سەلماند (خۆشناو، 2013، ل121). بەلام بەپێی بارودۆخی سیاسیی عێراق، تا شۆڕشی چواردەی تەمموزی 1958 هەر جارەی بەپاساوێك کۆسپ دەخرایە بەردەم یاساکە و وەك پێویست جێبەجێ نەکرا. بەڵام ڕۆشنبیرانی کورد ئەم سەلماندنەیان بە دەرفەت وەرگرت و جارێکی کەوتنە خۆ بۆ لە ئامادەکردن و چاپدانی چەند بەرهەمێکی پەروەردەیی کوردی لەوانەش وەك: (ئەلف و بێی کوردی)ی حامید فەرەج (1911-1995) و (نەریمان، 1977، ل24-47) و (سەرەتای عیلمی ژمارە)ی ڕەفیق حیلمی لە ساڵی (1936) و (سەرەتای جوغرافیا-پۆلی سێیەم) لە وەرگێڕانی نووری و کتێبی (ئەشیا و مەبادیئی تەبیعەت)ی ڕەشید نەجیب(کاکە سوور، 2004، ل٣٢١-٣٤١). بابەتەکەش هەر لەو چوارچێوەیەدا نەمایەوە، بەڵکوو نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد لە توێی نامیلکە و کتێبەکانیان کەوتنە ڕەخنەگرتن لە حکوومەتی عێراقی بەرامبەر بە فەرامۆشکردنی زمانی کوردی و بواری پەروەردە لە کوردستان، مێژوونووسی کورد محەمەد ئەمین زەکی بەگ (1880-1948) لە نامیلکەکەی (دوو تەقەلای بێسوود)دا، کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1935دا چاپ کراوە، ئەم ڕەخنەیە ئاراستەی حکوومەتی عێراقی دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە لە ژێر سایەی سیاسەتی حکوومەتی عێراقدا، دۆخی خوێندن لە کوردستاندا بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق لە ئاستێکی زۆر خراپ دایە (زەکی، ١٩٨٤، ل٦٦-٦٨).

لە ساڵی خوێندنی (1941-1942) بەدواوە، خوێندنی کوردی لەکوردستان کەوتە دۆخێکی خراپەوە (فەیزی، 1981، ل14). تەنانەت لە نێوان سالانی (1939-1945)دا، هیچ کتێبێکی قوتابخانە بە زمانی کوردی چاپ نەکراوە، ئەم فەرامۆشکردنەی (زمانی کوردی)یش، پاساوەکەی هەژاری و لاوازی زمانی کوردی و نەشیانی بۆ ئەوەی ببێتەزمانی خوێندن و نەبوونی کتێبی قوتابخانە، بەزمانی کوردی و پێویستی خوێندنی زمانی عەرەبی بوو، چونکەکاری فەرمانبەری دامودەزگاکان بە زمانی عەرەبی بووە(البوتاني، 2002، ص41). لەکاتێکدا ئەگەر ئەم خالانە بخرێنە بەر لێکدانەوەی زانستی، دەردەکەوێت کە تاچەند پاساوی لاواز بوونە، چونکە حکوومەتی ئەو کاتەی عێراقی خۆی بەرپرس بووە، لەچاپ نەکردنی کتێبی قوتابخانە بە زمانی کوردی و جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی سەبارەت بەفەرمی ناسینی زمانی کوردی لەدامودەزگا حکومییەکانی ناوچەکەدا. ئەمە لەکاتێکدا دوای لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراق لە ساڵی 1926دا، کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الامم) داوای ئەوەی لە عێراق کرد کە پێویستە مافە نەتەوەیی و ڕۆشنبیرییەکانی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی تازەدا دابین بکات، کە یەکێك لەو مافانە مافی خوێندنی کوردەکان بوو، بە زمانی زگماکی خۆیان لە ناوچەکانی کوردستاندا (ئیدمۆندس، 2004، ل512). لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم ماوەیە ڕۆشنبیرانی کورد بۆ برەودان بە بواری زمانەوانی و چاپکردنی کتێبی پەروەردەیی دەستەوەستان نەوەستاون و لەو ماوەیەدا (1941-1958) ئەم کتێبانە چاپ کراون: (ئەلف و بێی نوێ)ی ئیبراهیم ئەمین باڵدار لە ساڵی (1951)دا (باڵدار، 2006،ل٦)، (قەواعیدی زمانی کوردی)ی نووری عەلی ئەمین و (فەرهەنگۆك بۆ قوتابیان- پۆلی چوارەمی سەرەتایی)ی عیزەدین مستەفا ڕەسوول لە ساڵی 1956دا، (خوێندەواری کوردی) و (نووسینی کوردی بە پیتی لاتینی)ی جەمال نەبەز لە ساڵی (1957)دا (نەریمان، ١٩٧٧، ٨٠-٩٤).

هەوڵێکی دیکەی ڕۆشنبیرانی کورد دەربارەی ئەم بابەتە، خەباتی ڕۆژنامەوانی و بلاوکردنەوەی ئەو وتارانە بوو، کە داوای مافەکانی نەتەوەی کوردییان لەو بارەیەوە دەکرد، لەوانەش وەك: ڕۆژنامەی ژین (سلێمانی/1939-1950)، کە لە سەر وتار و بەشێك لەو بابەتانەی لەو ماوەیەدا بلاوی کردوونەتەوە، گرنگی خوێندن بە زمانی کوردی و داواکاری بۆ زیاتر بەرەو پێشخستنی بلاوکراوەتەوە. گۆڤاری گەلاوێژ (بەغدا/1939-1949)، ئەمیش وێڕای وروژاندنی ئەم بابەتە لەلایەن گۆڤارەکە و نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد، ڕەخنەی لە حکوومەتی عێراق و وەزارەتی مەعاریفی عێراقی گرتووە، بەهۆی کەمتەرخەمییان بەرامبەر بە ڕەوشی خوێندن لە کوردستان (کاکە سوور، 2004، ل٢٠٧-٢١٢)(1).

## 2. دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی:

لە دوای بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمموزی 1958، یەکێك لەو هەنگاوانەی کە بە ئاراستەی بەدیهاتنی مافە نەتەوەیی و ڕۆشنبیرییەکانی کورد لە عێراقەوە نرا، دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی بوو. بەر لەوەی باسی سەرەتاکانی دامەزراندنی دەزگاکە بکەین، ئاماژە بەو هەوڵانە دەدەین کە لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز، لە نێوان ساڵانی (1958-1959)دا،

سەبارەت بە بەدیهاتنی ئەو خواستەی نەتەوەی کورد لە عێراقەوە درا. لە یەکەم هەفتەی دوای شۆڕشی چواردەی تەممووزدا، هەشت مامۆستای کورد کە ئەمانەبوون: جەمال نەبەز، مستەفا نەریمان(1924-1994)، فایەق عارف، ئیحسان فوئاد، نەجمەدین موفتی(1932-1998)، عەبدوللا محەمەد، ئیحسان عەبدولحەمید و عەبدولڕەحمان ڕەزا، یاداشتێکیان دایە کاربەدەستانی شۆڕش و تیایدا داوای بەدیهێنانی مافە ڕۆشنبیرییەکانی کورد و دانانی بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە سەرپەرشتییکردنی کاروباری خوێندنی کوردییان کردبوو، ئەم یاداشتەشیان لە 26ی تەممووزی 1958دا، لە ڕۆژنامەی (البلاد)(2) بلاوکردەوە (بۆتانی، ١٩٩٨، ل٢٦٢). بەڵام حکوومەتی شۆڕش لە جیاتی وەڵامیان بداتەوە، ڕۆژنامەکەی داخست و ئەو مامۆستایانەشی یاداشتەکەیان نووسیبوو، دەستگیرکران و خرانە ژێر لێکۆڵینەوە (نەبەز، 2012، ل33). ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە سەرەتای شۆڕشی چواردەی تەممووزدا، هەوڵێکی شۆڤێنییانە بۆ سەرکوتکردنی مافە ڕۆشنبیرییەکانی کورد لە ئارادا بووە.

هەنگاوێکی دیکە بە ئاراستەی دامەزراندنی ئەو دەزگایە، هەوڵی قوتابیانی کورد بووە، بەتایبەت لە کاتی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراقدا لە شوباتی ساڵی 1959دا، داوای کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی کوردییان کردووە ("ژین"، ژ:١٤٣٢، ١٩٥٩/٢/٢٦). هەروەها مامۆستایانی کوردیش لە نەقابەی مامۆستایانی کۆماری عێراقدا، لە میانەی یەکەم کۆنگرەی نەقابەی مامۆستایاندا، کە لە ڕێکەوتی1959/2/2دا لە شاری بەغدا گرێدراوە، داوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی و بەستنی کۆنگرەی ناوخۆی مامۆستایانی کوردییان کردووە (شارەزا، 2008، ل3-4).

لە یەکەم کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شارۆچکەی شەقڵاوە لە ڕێکەوتی1959/9/10دا، بە ئامادەبوونی (152) مامۆستای کورد گرنگی و بایەخی دامەزراندنی دەزگایەکی لەم شێوە لە پێناو بایەخدان و پێشخستنی زمان و خوێندنی کوردی دوپات کراوەتەوە("هەتاو"، ژ:١٦٢، ئەیلوولی١٩٦٠). هەموو ئەو هەوڵانە و هەوڵی دیکەش، وەك جەخت کردنەوەی ڕۆژنامە کوردییەکان بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی، بوونە بنەمایەك تاوەکو حکومەتی عێراق هەنگاوی کرداری بۆ دامەزراندنی ئەم دەزگایە بنێت("ژین"، ژ(1431)، 1959/2/19؛ "خەبات"، ژ(2)، 1959/4/8)(3)، لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1959دا، ئەم ئاواتەی کوردان هاتەدی و بەڕێوەبەرایەتیێکی تایبەت بە خوێندنی کوردی دامەزرا (شارەزا، 2008، ل6).

لە سەرەتادا بەڕێوەبەرایەتییەکە لەلایەن دکتۆر سەدیق ئەتروشی (١٩٢٤-1964) بە بریکاریی بەڕێوەبراوە، (**"ئازادی**"، ژ(39)، 1959/12/12). دواتر دکتۆر جەمال شەفیق کرایە بەڕێوەبەری دەزگاکە ("هەتاو"، ژ: 184، ئابی 1960)، دوای ئەویش لە ساڵی 1960 دا، عەزیز قادر محەمەد بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر، لە شوێنی ئەودا کراوەتە بەڕێوەبەر (نەریمان، 1994، ل169).

سەبارەت بە ناونانی دەزگاکە، دوو بۆچوون لە ئارادا بووە، یەکەمیان ئەوە بووە کە ناوی دەزگاکە بندرێت (بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی) ئەم بۆچوونەش لەلایەن حکومەتی عێراقی و خودی عەبدولکەریم قاسمی سەرۆك وەزیراندا پاڵپشتی لێ کراوە(شارەزا، 2008، ل7)، بۆچوونی دووەمیان کە بۆچوونی زۆربەی ڕۆشنبیران و مامۆستایانی کورد بووە، لەگەڵ ئەوە بووە ناوی دەزگاکە بندرێت (بەڕێوەبەرایەتی گشتی زانیاری کوردستان) یان (بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەعاریفی کوردستان) بە ئامانجی فراوانکردنی کارەکانی و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی تەواوی بواری پەروەردە و خوێندنی کوردی لە ناوچەکانی کوردستاندا (چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولڕەزاق بیمار، ڕێکەوتی 2017/7/13)، ئەم بۆچوونەش لە کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە و لە ڕوپەڕی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی وەك ڕۆژنامەی خەباتدا، جەختی لەسەر کراوەتەوە (زەنگەنە، 2002، ل34-90). بەڵام دواجار بە پێداگیری دەسەلاتدارانی عێراق، بۆچوونی یەکەم لە ناونانی دەزگاکەدا واتە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی) شوێنی خۆی گرتووە، کە زیاتر مەبەستەکە سیاسی بووە و پەیوەندی بە وشەی (کوردستان)ەوە هەبوو، نەیان ویستووە ئەم وشەیە بەسەر ناوی دەزگاکەوە بێت (نەبەز، 2012، ل38).

### 3. کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی:

ئامانجی سەرەکی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، گرنگیدانی بووە بە خوێندنی کوردی، بۆ ئەم مەبەستە لە 27ی نیسانی1960 دا، چەند لێژنەیەکی تایبەت سەبارەت بەدانان و وەرگێڕانی کتێبی کوردی پێکهێندراوە و ژمارەیان شەش لێژنە بووە، هەر لێژنەیەك لە چوار مامۆستا پێکهاتووە، مامۆستایانی کورد لە شارەکانی کوردستان و شاری بەغدای پایتەختدا، بەشداری کاری ئەم لێژنانەیان کردووە. لێژنەی وەرگێڕان کاری بۆ وەرگێڕانی کتێبە پەروەردەییەکانی وەك (زانیاری گشتی) و (حیساب و پێوان-بیرکاری) و (مێژوو) کردووە("هەتاو"، ژ(177)، مایسی 1960، ل22-23). وەك دەردەکەوێت هەنگاوەکانی کاری ئەم لێژنانە لە کێشە و کەموکوڕی بەدەر نەبووە، وەك نەبوونی پاڵپشتی تەواوی وەزارەتی مەعاریف بۆ کارەکانی دەزگاکە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، تواندراوە لە ساڵی یەکەم و دووەمی دوای شۆڕشدا، نزیکەی (10) پەرتووکی قوتابخانە بە زمانی کوردی تایبەت بە قۆناغی سەرەتایی دابندرێ و وەربگێڕدرێ،

ئەوانیش وەك كتێبەكانی (خوێندنەوەی كوردی) و (حیساب و پێوان) و (پەروەردەی تەندروستی) (فوئاد، 1983، ل30). هەروەها تواندراوە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتییەکەوە، ژمارەیەك قوتابخانە لە شارەكانی كوردستان و چەند مەڵبەندێكی نەهێشتنی نەخوێندەواری بكرێنەوە (أبو پرشنگ، 1986، ص18).

كاراكردنی زیاتری بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی كوردی بۆتە جێگەی باس و خواسی گۆڤار و ڕۆژنامە كوردییەكانی ئەو سەردەمە، لە كۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی كورد لە شەقڵاوە لە ڕۆژانی 15 تا 17ی ئابی 1960دا، جەخت لەسەر گرنگیدان بە خوێندنی كوردی و كارەكانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە كراوەتەوە (لقی سلێمانیی نەقابەی مامۆستایان، 1960، ل53-55)، بەڵام لەگەڵ ئاڵۆزبوونی بارودۆخی سیاسی وڵات و دەسپێكی شۆڕشی ئەیلوول (1961)، كارەكانی بەڕێوەبەرایەتیەكە ڕاگیراوە و نەتواندراوە هیچ هەنگاوێك بۆ پەرەپێدانی بواری پەروەردە و بایەخدان بە زمانی كوردی بهاوێت (محمد، 2006، ص44).

ئەم دۆخەش تاكو ساڵی 1967 بەردەوام بووە، لەو ساڵەدا عەبدولڕەحمان عارفی سەركۆمار(1916-2007) وەك پیشاندانی نیازپاكییەك بەرامبەر كێشەی كورد، چەند هەنگاوێكی هاویشت، یەكێك لەوانە، كردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی كوردی) بوو، كە بە پێی یاسای ژمارە (26)ی ئەو ساڵە خرایە سەر وەزارەتی كاروباری باكوور ("الوقائع العراقية"، ع: 1445، 31-7-1967).

یەكێك لە چالاكییەكانی ئەو قۆناغەی دەزگاكە، چاپكردنی چەند كتێبێكی دیكەی قوتابخانە بوو بە زمانی كوردی، كە ژمارەیان لە ساڵی خوێندنی (1968-1969)دا گەیشتە(25) كتێب بۆ قۆناغی سەرەتایی و 183،000 هەزار دانەی لێ چاپ كرا، ئەو كتێبانەش وەك: (حسابی نوێ، ئەلفبای كوردی، ژمارە و پێوان، خوێندنی كوردی، بنچینەی زانین و پەروەردەی تەندروستی، خوێندنی عەرەبی بۆ قوتابخانە كوردییەكان، جوغرافیا، وانەی مێژوو، پەروەردەی ئایینی، ڕێزمانی كوردی) (ألجمهورية العراقية، وزارة شؤون الشمال، 1969، ص82- 83). بەڵام هێشتا كارەكانی بەڕێوەبەڕایەتییەكە لە ئاستی پێویستدا نەبوون و سنووردار بوون. ساڵی 1969 ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕشی عێراق لە بڕیارێكیدا جەختی لەسەر بایەخدان بە خوێندنی كوردی لە سەرجەم قۆناغەكانی خوێندندا لە كوردستاندا كردۆتەوە، لە خاڵی چوارەمی بڕیارەكەدا باس لە كاراكردن و بوژاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی كوردی كراوە، بە جۆرێك كە لە دواڕۆژدا سەرجەم كاروبارەكانی پەروەردە لە كوردستاندا لە ئەستۆ بگرێت (ألجمهورية العراقية، 1977، ص298). هەر لەو ساڵەشدا (عەبدوڵڵا فەرەج شاڵی) كرایە بەڕێوەبەری گشتی دەزگاكە (نەریمان، 1994، ل218). لە ساڵی خوێندنی (1969-1970)دا، ژمارەی كتێبە پەروەردەییەكانی دەزگاكە گەیشتە (28) كتێب و (245،000) هەزار دانەیان لێ چاپ كرا، كە بەراورد بە ساڵانی پێشووی ژمارەكە زیاتر بووە (فوئاد، 1983، ل31).

گرنگترین قۆناغی كار و چالاكییەكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی كوردی، دەكەوێتە دوای ڕێككەوتننامەی ئاداری ساڵی1970، لە دەقی ڕێككەوتننامەی ئاداردا جەخت لەسەر بایەخدان بە زمانی كوردی و خوێندنی لە قوتابخانەكانی كوردستان و هەموو عێراقیشدا وەك زمانی دووەم كراوەتەوە (الجمهورية العراقية، 1977، ص599). بەم جۆرەش كە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی كوردی، بەرپرس بووە بەرامبەر كاروباری پەروەردە و خوێندنی كوردی لە ناوچەكانی كوردستان و عێراق بە گشتییدا، بۆیە كار و چالاكییەكانی زیاتر لەم قۆناغەدا دەركەوتن، توانی هەنگاوی گرنگ لەم ماوەیەدا بە ئاراستەی بواری پەروەردە لە كوردستاندا بنێت. خودی دەزگاكەش گۆڕانكاری گەورەی وەك بەڕێوەبەرایەتیێكی گشتی بەسەرداهات(چاوپێكەوتن لەگەڵ عەبدولڕەزاق بیمار، ڕێكەوتی 2017/7/13). بەپێی یاسای ژمارە (22) لە ڕێكەوتی 1972/4/30دا، بەڕێوەبەرایەتییەكە ئەم بەشانەی گرتبووە خۆی: (بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی هۆبەكانی فێركردن، بەڕێوەبەرایەتی پرۆگرام و كتێب، بەڕێوەبەرایەتی كارگێڕی و خۆیەتی، بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری، بەڕێوەبەرایەتی تەجهیزات، دەستەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و یەكەی مەشق، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و بەدواداچوون(موقع انترنيت wiki.dorar-aliraq.net). بەم شێوەیە ئەركی بواری پەروەردە و سەرپەرشتیكردنی هەموو قوتابخانەكانی كوردستان (بە ناوچە كوردییەكانی پارێزگاكانی دیالە و موسڵییشەوە)، خرایە ئەستۆی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە و توانی گەلێ كاری گرنگ ئەنجام بدات(چاوپێكەوتن لەگەڵ عەبدولڕەزاق بیمار، ڕێكەوتی 2017/7/13)، كە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوە بوون:

1. لە ڕێگەی لێژنەیەكی تایبەتی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی كوردی، دەست كرا بە دانان و وەرگێڕانی كتێبەكانی قوتابخانە، ئەندامانی ئەم لێژنەیە لە ڕۆشنبیران و مامۆستایانی كورد لە شارەكانی كوردستان و شاری بەغدای پایتەختدا پێكهاتبوون، ژمارەیان نزیكەی (72) كەس بوو. لە ساڵی خوێندنی(1973-1974)دا، كتێبە پەروەردەییەكانی سەرجەم قۆناغەكانی خوێندنیان لە سەرەتاییەوە تا ئامادەیی بە زمانی كوردی ئامادە كرد، ژمارەی كتێبە چاپكراوەكانیش بە بەراورد بە كۆتایی ساڵانی شەستەكاندا زۆر زیادی كرد، لە ساڵی خوێندنی (1970-1971)دا، گەیشتە (383500) هەزار كتێب ("پەروەردە و زانست"، ژ:1، 1971، ل100؛ ژ:2، 1971، ل85). لە چوارساڵی دوای ڕێككەوتننامەی ئادار و لە ساڵی خوێندنی (1974-1975)دا، ژمارەكە گەیشتە (838،000) هەزار

دانە (فوئاد، 1983، ل31). ئەمەش دەسکەوتێکی مێژوویی بواری پەروەردە و خوێندنی کوردی بوو، کە ئەم دەزگایە پێی هەڵسا و بەشێك بوو لە بەرهەمی خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیریی کورد لە کوردستانی عێراقدا، کە وایکرد کورد لە سەر خاکی خۆی بە زمانی زگماکی خۆی بخوێنێ و پەرە بە ئاستی زانستی و ڕۆشنبیریی خۆی بدات.

2. یەکێکی دیکە لە چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی، یارمەتیدانی نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد بوو، بۆ چاپکردنی بەرهەمەکانییان، بەتایبەت بە زمانی کوردی، ئەم کارەش لە ڕێگەی لێژنەیەکی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتییەکە ئەنجام دراوە. تەنها لە ساڵی 1971دا نزیکەی (16) نووسەر بۆ ئەم مەبەستە یارمەتی دراون و (13) کتێب لە بوارەکانی ئایینی و ئەدەب و هونەر لە چاپ دراون ("پەروەردە و زانست"، ژ:1، 1971، ل101). ئەمە وێڕای چاپکردنی چەند کتێبێکی ڕەنگاوڕەنگی منداڵان، کە تایبەت بوون بە هۆیەکانی فێرکردن، بەم شێوەیە تاکو ساڵی 1975 ژمارەی کتێبە چاپکراوەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گەیشتە(76) کتێب (نەریمان، 1977، ل260).

3. بەسەر کردنەوەی قوتابخانەکانی کوردستان، لەڕێگەی لێژنەی تایبەتییەوە، بە مەبەستی ئاگاداربوون لە کێشە و کەموکوڕییەکانی بەردەم پرۆسەی خوێندنی کوردی و چارەسەرکردنی کێشەکانیان و ئەنجامدانی سەرژمێری مامۆستایان و قوتابیان و پشکنینی خولەکانی وانەوتنەوە. هەروەها کارێکی دیکەی ئەم لێژنەیە چەسپاندنی خوێندنی کوردی بووە، لەو قوتابخانانەی کە هێشتا خوێندنیان تێدا نەکرا بوو بە کوردی، بەتایبەت لە پارێزگاکانی کەرکووك و موسڵ و دیالە. لە ساڵی خوێندنی (1971-1972)دا بۆ یەکەم جار زمانی کوردییان خستە ناو تاقیکردنەوەی گشتی ئەزموونەکان ("التأخي"، ع:844، 1971/9/25).

4. بۆ زیاتر بەرزکردنەوەی توانای وانەوتنەوەی مامۆستایان و ئاشناکردنیان بە شێوازە تازەکانی پەروەردە و ڕاهێنانیان لەسەر چۆنیەتی وتنەوەی وانەکانی قوتابخانە بە زمانی کوردی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی لە دوای ڕێککەوتننامەی ئاداردا، چەندین خولی پەروەردەیی لە شارەکانی کوردستان و لە شاری بەغدای پایتەختیشدا کردەوە. هەر بۆ نموونە لە ساڵی 1971دا ژمارەی بەشداربووانی ئەم خولانە، لە شاری دهۆك گەیشتۆتە (122) مامۆستا و لە کەرکووك (80) مامۆستا و لە خانەقینیشدا (80) مامۆستا، هەروەها چەند خولێکی دیکەش بۆ هەمان مەبەست لە قەزاکانی ئاکرێ و شێخان وشەنگالدا کراونەوە (**"پەروەردە و زانست"**، ژ:1، 1971، ل103). هەروەها لە ساڵی 1974دا بە هاوکاری بەشی کوردی کۆلێژی ئاداب، خولێکی هاوشێوەیان بۆ مامۆستایانی زمانی کوردی، لە شاری بەغدا کردۆتەوە، بە مەبەستی ڕاهێنانی مامۆستایان لە سەر چۆنیەتی وتنەوەی وانەی زمان و ئەدەبی کوردی لە قۆناغەکانی خوێندن لە کوردستاندا (خەزنەدار، 2010، ل22-23).

5. هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی زاراوەی زانستی و پەروەردەیی لە زمانی کوردییدا و چەسپاندنی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا، یەکێکی تر بووە لە کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی، بۆ ئەم مەبەستەش فەرهەنگی تایبەت بەم زاراوانە دروستکراون. هەروەها هەوڵ دراوە لە ڕێگەی لێژنەی تایبەتی زمانەوانییەوە زاراوە زانستییەکان لە لاتینییەوە وەربگێردرێنە سەر زمانی کوردی و بەراوردی لەگەڵ وەرگێڕانە عەرەبییەکەدا پێ بکرێت (**"پەروەردە و زانست"**، ژ:10، زستاني 1976، ل126). بەپێی بڕیارەکانی سێیەمین دانیشتنی ئەنجوومەنی پەروەردە لە ڕێکەوتی 1975/10/13دا تاوتوێی ئەم بابەتە کراوە. هەر بەمەبەستی گرنگییدان بە زاراوە کوردییەکان و یەکخستنیان لە پرۆگرامە پەروەردەییەکاندا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی، لە ڕۆژانی 25 تا 27ی تەمموزی 1973، کۆنگرەیەکی بۆ لێکۆڵینەوەی کتێبی قوتابخانەکان بۆ (120) کەس لە شارەزایان و مامۆستایانی زمانی کوردی ڕێکخست، بە مەبەستی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی بەردەم ڕێنووسی کوردی و بنچینەی دانانی فەرهەنگێکی کوردی و عەرەبی بۆ قوتابخانەکان. ئەنجامی کۆنگرەکە بە پێشکەش کردنی گەلێ ڕاسپاردەی گرنگ لەم بارەیەوە کۆتایی هات("التأخي"، ع:844، 1971/9/25).

6. لەگەڵ ئەمانەدا زۆر کاری دیکەش بوونە ئامانجی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی و بەردەوام کاری لەسەریان کردووە، ئەوانیش وەك هەوڵدان بۆ دابینکردنی چاپخانەیەکی تایبەت بە دەزگاکە، تاوەکو ئەرکی چاپکردنی کتێبە پەروەردەییەکان ڕاستەوخۆ بگرێتە ئەستۆ (جرجيس، 1988، ص220)(٤). ئەمە وێڕای کردنەوەی چەند خولێکی نەهێشتنی نەخوێندەواری، لە کاتێکدا بەڕێوەبەریی گشتی دەزگاکە، خۆی ئەندامی دەستەی باڵای نەهێشتنی نەخوێندەواری لە عێراق بووە. هەروەها بەڕێوەبەرایەتییەکە کاری کردووە بۆ دابینکردنی سەرجەم پێداویستی و هۆیەکانی فێرکردنی قوتابخانەکان و هەوڵیداوە کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند بەسەرچاوەی زانستی بکاتەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا بەڕێوەبەرایەتییەکە (21) وانەی پەروەردەیی قۆناغی سێیەمی ئامادەیی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووك لە ڕێکەوتی 1973/2/10 تا 1973/2/20 تۆمارکرد، تاکو لە مانگی نیسانی ئەو ساڵەدا بە مەبەستی سوودگەیاندن بە قوتابیانی کورد بلاوبکرێتەوە ("پەروەردە و زانست"، ژ:1، 1971، ل100-104؛ ژ:5، بەهاری 1973، ل73؛ "برايەتی"، ژ:9، 1974/1/17).

٧-. دەرکردنی گۆڤارێکی مانگانە بە ناوی (پەروەردە و زانست) کە لەسەر بەرگی ژمارە(یەك)ی گۆڤارەکە نووسراوە، گۆڤارێکی پەروەردەیی زانستییە، بە سێ مانگ جارێك دەردەچێت. ئەم گۆڤارە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی لە وەزارەتی کاروباری باکوور دەرکراوە. ژمارە (یەك)ی ساڵی یەکەمی لە ساڵی 1971دا دەرچووە. جووت ژمارەی (7-8)ی ساڵی چوارەمی لە هاوینی ساڵی 1974دا دەرچووە و بەردەوام بووە(سەعید، ٢٠٠٦، ل124 ). ژمارە (9)شی لە بەهاری ساڵی 1975دا دەرچووە. پێوانەکەی (16×23) بووە و ژمارەکانی لە چاپخانەکانی (دار السلام، الشفیق، الحافظ، سلمان الاعظمی، سعدون) چاپ کراوە. سەرنووسەرەکەی شکور مستەفا بووە، لە ژمارەکانی بەراییدا هەر تەنها ناوی ئەمیشی بەسەرەوە بوو. بەڵام عەبدولڕەزاق بیمار ئاماژە بەوەدەکات: (**گۆڤارەکە لەلایەن کۆمەڵێکەوە بەڕێوە دەبرا، کە عەبدوڵلا شاڵی بەڕێوەبەری گشتی خۆی سەرپەرشتی دەکردن، هەریەك لە شکور مستەفا و ئەم (واتە عەبدولڕەزاق بیمار) و نوری عەلی ئەمین و عوسمان عەلی قادر و ئەبو زێد سندی و عوسمان عەلی شێخ. وتار و بابەتەکانی ڕێك دەخرا و ئامادە دەکرا بۆ چاپ**) (چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولڕەزاق بیمار، ڕێکەوتی 2017/7/13).

**8-** یەکێکی دیکە چالاکییەکانی دەزگاکە، بەشداری کردنی بووە لە پێشخستنی بوارەکانی ئەدەبی کوردی. لە دوای ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی1970دا، یەکێك لە هەنگاوەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە لەو بارەیەوە، دانان و ئامادەکردنی کتێبەکانی خوێندنی کوردی و زمان و ئەدەبیی کوردی بوو (1970-1974)، ئەم کارەش لە ڕێگای لێژنەی تایبەت و شارەزا لە ڕۆشنبیرانی کورد جێبەجێ کراوە (حەسەن، ٢٠٠٨، ل٨٣-٩٤). خوێندنی کوردی هەر لە پۆلی دووەمی سەرەتاییەوە، چەندان دەقی شیعری و چیرۆك و پەخشانی کوردی بۆ قوتابیان ئامادەکردووە. لە هەرسێ پۆلی قۆناغی ناوەندیشەوە وانەیەکی تایبەتی بە ئەدەبی کوردی ئامادە کردووە . لەم وانەیەدا قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شیعر و پەخشانی کوردی و ئەدەبیی فۆلکلۆری کوردی و پاشان ژیاننامەی شاعیرانی کورد و نموونەی شیعرەکانییان ئاشنا بە قوتابیانی کورد کراوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر کەمال غەمبار 2017/1/10). وێڕای ئەمە، بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی چاپکردنی بەرهەمی ئەدەبی نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد، لەوانە وەك کتێبی (شەونامەی شاعیرێکی تینوو)ی عەبدوڵلا پەشێو و (دڵی کوڕان)ی مەدهۆش و (ڕاوەبەران)ی دکتۆر کاوس قەفتان لە ساڵی 1972 دا و (من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ)ی شێرکۆ بێکەس و (هەندێ لە بەیت و هەڵبەستەکانی عەلی بەردەشانی) و (دەستی ئۆخەی)ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە ساڵی 1973دا و (ئەدەبی منداڵان و لێکۆڵینەوە)ی محەمەد ڕەشید فەتاح و (ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی)ی عەزیز گەردی لە ساڵی 1974دا (نەریمان، ١٩٧٧، ل٢٠٢-٢٣٨).

**4. کێشە و گرفتەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی:**

لەگەڵ هەموو ئەو دەسکەوتانەدا کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، لە بواری پەروەردە و خوێندنی کوردییدا بە دەستی هێنا، بەڵام لە کێشە و کەموکوڕی بە دەرنەبوو، بوونی ئەم کێشانە بوونە ئاستەنگ لە بەردەم بەدیهاتنی تەواوی ئامانجەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە. ئەمەش بووە جێگەی باس و خواسی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە کوردییەکانی ئەو سەردەمە و هەوڵ دراوە بەرپرسانی وڵاتی لێ ئاگادار بکرێتەوە، دیارترین کێشە و کەموکوڕییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە بەسەر دوو قۆناغ دابەش دەکەین، ئەوانیش یەکەمیان کێشەکانی دەزگاکەن لە نێوان ساڵانی (1959-1970) دا کە ئەمانە بوون:

1. لە سەرەتای دروستبوونی دەزگاکە لە ساڵی 1959 دا، تا ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی 1970، سنووری بەرپرسیارێتییەکەی هەموو کوردستانی نەگرتۆتەوە، تەنها لیوای هەولێر و سلێمانی نەبێت، لایەنی پەروەردە لە لیواکانی موسڵ (دەڤەری بادینان) و کەرکووك و دیالەدا، لە دەرەوەی بەرپرسیارێتی دەزگاکە دابوون. ئەمەش زۆر کێشەی لەو ناوچانەدا هێنا پێشەوە، وەك بێبەش بوونی قوتابخانەکانی ئەو ناوچانە لە خوێندنی کوردی، تەنانەت دەزگاکە لە لیوای هەولێر و سلێمانیشدا نەیتوانیوە بەرپرسیارێتی تەواوی بەڕێوەبردنی کاروباری قوتابخانەکان و کاری سەرپەرشتیاری و چاودێرییان بگرێتە ئەستۆی ("خەبات" (الجریدة)، ع:142، کانون الثانی 1960؛ ع:144، کانون الثانی 1960؛ ع:153، کانون الثانی 1960؛ ع:156، کانون الثانی 1960).

2. لە نێوان ساڵانی (1959-1970)دا خوێندنی کوردی تەنها لە قۆناغی سەرەتاییدا جێبەجێ کرا، قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی نەگرتەوە(فوئاد، 1983، ل30)، بەمەش قوتابیان لە کاتێکدا لە قۆناغی سەرەتایی کوردییان دەخوێند، لە قۆناغی ناوەندییەوە خوێندنەکەیان دەبووەوە عەرەبی. ئەمە وێڕای ئەوەی لە ڕێگەی وەزارەتی مەعاریفەوە چاودێری توند خراوەتە سەر ناوەڕۆکی بابەتی کتێبە پەروەردەییەکانی وەك خوێندنەوەی کوردی و قەدەغەی ئەو بابەتانە یان ئەو هۆنراوانە کراوە، کە گوزارشتیان لە

هەستی نەتەوایەتی، یان لە بابەتی ئاشتی و ئازادی کردووە، بە پاساوی نانەوەی کێشە و ئاڵۆزی ("التأخي"، ع:844، 1971/9/25؛ "پەروەردە و زانست"، ژ:1، 1971).

3. ڕاسپاردەکانی هەردوو کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە(1959-1960)دا، سەبارەت بە خوێندنی کوردی شتێکی ئەوتۆی لێ جێبەجێ نەکرا(نەریمان، 1983، ل24). لەکاتێکدا ئەو ڕاسپاردانە گەلێ پێشنیازی چاکی دەربارەی پێشخستن و پەرەپێدانی زمانی کوردی و خوێندنی ئەدەب و مێژووی کوردی لە قوتابخانەکانی کوردستاندا گرتبووە خۆی (لقی سلێمانیی نەقابەی مامۆستایان، 1960، ل57-95) .

4. ئاڵۆزی بارودۆخی سیاسی وڵات و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول و هێرش و پەلاماری سوپای عێراق بۆسەر کوردستان، کارەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی بە تەواوی پەکخست، بە جۆرێك کە نەتوانێت هیچ هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بنێت، بە سەدان قوتابخانە لە کوردستان وێران بوون، بە هەزاران قوتابی کورد لە خوێندن بێ بەش بوون، لە ناو شارەکانیشدا بارودۆخی خوێندنی کوردی بەرەو خراپی هەنگاوی نا، تەنانەت بە نووسراوی فەرمی داوای ڕاگرتنی خوێندنی کوردی لە ناوەندەکانی خوێندن لە کوردستاندا کراوە (نەجار، 2016، ل83).

5. لە دوای کاراکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی لە ساڵی 1967دا، ئەمجارەش بەهۆی ئەوەی کەهێشتا کێشەکان بە تەواوی چارەسەر نەکرابوون، شۆڕشی کورد لە ئارا دابوو، زەمینەیەکی ئەوتۆ بۆ جێبەجێ کردنی خواستەکانی دەزگاکە نەڕەخسێندرا، بۆیە نەیتوانی لە ماوەیەکی فراواندا کارەکانی جێبەجێ بکات، بەرهەمی ئەوکاتەی بەڕێوەبەرایەتییەکە تا ڕێککەوتننامەی ئاداری1970 تەنها چاپکردنی ژمارەیەك کتێبی قوتابخانەکان بوو(چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولڕەزاق بیمار، ڕێکەوتی 2017/7/13).

قۆناغی دووەمی کێشەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە قۆناغی نێوان ساڵانی (1970-1975)ە، لە دوای ڕێککەوتننامەی ئاداردا، گەرچی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی، هەنگاوی گرنگی لە بواری پەروەردە و خوێندنی کوردییەوە نا، بەڵام ئەو ماوەیە بەڕێوەبەرایەتییەکە لە کێشە و کەموکوڕی بەدەر نەبووە، زۆر کێشە لە بەردەم خوێندن و پەروەردە لە کوردستان هەبووە، نەیتوانیوە وەك پێویست چارەسەریان بکات، ئەو کێشانەش وەك:

1. کێشەی کەمی مامۆستا، کە بۆشاییەکی گەورەی لە خوێندنیی قوتابخانەکاندا دروست کردبوو، بەپێی ڕاپۆرتێکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، کە لە ساڵی خوێندنی (1972-1973)دا ئامادەکراوە، تەنها لە وانەی بیرکاری (120) بۆشایی لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکانی هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی لە ئارادا بووە. هەروەها لە کوردستان بەگشتی (23) بۆشایی لە وانەکانی (بیرکاری) و (فیزیا) و(40) بۆشایی لە وانەی (کیمیا) و (23) بۆشایی لە (زانست و ژیان) و (30) لە وانەی (مێژوو) و (10) بۆشایی لە وانەی (جوگرافیا) و (10) بۆشایی لە وانەی (هونەر) و (5) بۆشایی لە وانەی (زمانی عەرەبی)دا هەبووە (کاکائي، 1997، ص58). لە قوتابخانە پیشەییەکانیشدا ئەم بۆشاییە بە ڕاددەیەك زۆر بووە، کە بۆتە کۆسپێکی گەورەی خوێندنی کوردی لەو قوتابخانانەدا، بەمەش کۆی بۆشاییەکان گەیشتۆتە (430) بۆشایی و وا چاوەڕوان کراوە، لە ساڵی خوێندنی (1973-1974)دا بگاتە (2000) بۆشایی. ئەمە وێڕای کێشەی بینایەی قوتابخانەکان و کەمی قوتابخانەی پێویست لە هەندێ لە ناوچەکانی کوردستاندا و کێشەی پێداویستییەکانی قوتابخانە وەك ڕەحلە و تەختەڕەشە و هۆیەکانی ڕوونکردنەوە (حەسەن، 2008، ل104).

2. لە ساڵی 1974دا، کاتێك شۆڕشی کورد دەستی پێکردەوە، پرۆسەی خوێندنی کوردی خۆی لە بەردەم مەترسی گەورەدا بینییەوە. ئەو ناوچانەی کەوتنە بەر شالاوی تەعریب، خوێندنی کوردییان تێدا ڕاگیرا. ئەوانیش وەك پارێزگای کەرکووك و موسڵ و دیالە، تەنانەت ناوی قوتابخانەکانیشیان بۆ عەرەبی گۆڕان و بەشێك لە مامۆستا و کارمەندە کوردییەکانیان بۆ ناوچەکانی دیکە گوێزرانەوە (البوتاني، 2002، ص58). بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی، بە هۆی سەختی بارودۆخەکە و سیاسەتی توندی حزبی بەعس، نەیتوانیوە هەڵوێستێکی ئەوتۆ پیشان بدا، هەر خودی بەڕێوەبەرایەتییەکەش لە دوای ساڵی 1974ەوە، خرایەوە سەر وەزارەتی پەروەردەی عێراقی، جگە لە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی دانان و وەرگێڕان و چاپکردنی کتێبە پەروەردەییە کوردییەکان، هەموو بەرپرسیارێتییەکانی دیکەی لێ وەرگیرایەوە (فوئاد، 1983، ل30).

ئەمە وێڕای زۆر کێشەی دیکەی بەڕێوەبەڕایەتییەکە، وەك کەمی کارمەندی شارەزا بەتایبەت لە بابەتی دانان و وەرگێڕانی کتێبە پەروەردەییەکان و دانانی زاراوە زانستییەکان، هەروەها بابەتی چاپ کردنی کتێبە پەروەردەییەکان، کەوا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکە دادەندران و وەردەگێڕدران، چونکە بەڕێوەبەرایەتییەکە خاوەن چاپخانەی خۆی نەبووە، بۆیە بەردەوام کێشەی لەگەڵ چاپخانەکاندا هەبووە، وەك دواکەوتنی چاپکردنی کتێبەکان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا("پەروەردە و زانست" ژ:2، 1971، ل85؛ ژ:1، 1971، ل100)

**٥. ئەنجام:**

دوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی بەدەست هاتوون ئەمانەی خوارەوە بوون:

1. ساڵی 1921 دەوڵەتی عێراق دامەزرا، ویلایەتی موسڵ کە باشووری کوردستان دەگرێتەوە، بە پێی ئەو نەخشەیەی کە کێشرابوو، خرایە سەر دەوڵەتەکە، ئەم کارەش لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە ساڵی 1926دا یەکلا کرایەوە، بەو مەرجەی مافە نەتەوەییەکانی کورد، وەك مافی خوێندن بە زمانی کوردی، لە دەوڵەتی تازەدا دابین بکرێت، بەلام ئەم مافانە لە سایەی حکوومەتەکانی عێراقییدا وەك پێویست دابین نەکرا، بۆ نموونە لە دەستووری عێراقی ساڵی 1925دا هیچ بەندێك بۆ مافەکانی کورد تەرخان نەکرابوو، ئەمەش هانی نەتەوەخواز و ڕۆشنبیرانی کوردی دا تا لە ڕێگەی خەباتە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانیاندا، هەوڵی بە دەستهێنانی ئەو مافانە بدەن، پەرلەمانتارانی کورد لە پەرلەمانی عێراق، ئەم بابەتەیان خستە ڕوو، ڕۆشنبیرانیش لە ڕێگەی کتێب و نامیلکەی تایبەت بە زمان و ئەدەب و بواری پەروەردەیی، یان لە ڕێگەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو کاتە هەوڵیاندا بایەخدان بە خوێندنی کوردی زیاتر بەرەو پێشەوە ببەن. ئەنجامی ئەو هەولانەش ئەوەبوو کە لە یاسای عێراقی ساڵی 1931دا، دان بە زمانی کوردی نرا، ئەمەش کاریگەرییەکی ئەرێنی کردە سەر خوێندن بە زمانی کوردی، تا ساڵی خوێندنی(1941-1942) لەو ساڵە تا شۆڕشی چواردەی تەممووزی ،1958، جارێکی دیکە ڕەوشی خوێندن ڕووی لە خراپی کردەوە.

٢. لە دوای بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەممووزی 1958، یەکێك لەو هەنگاوانەی کە بە ئاراستەی بەدیهاتنی مافە نەتەوەیی و ڕۆشنبیرییەکانی کورد لە عێراقەوە نرا، دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی بوو. هەوڵی مامۆستا و ڕۆشنبیرانی کوردیش لەو بارەیەوە ڕۆڵێکی گرنگی لە کردنەوەی دەزگاکەدا گێڕا. گرنگترین ئەم هەوڵانەش وەک: پێشکەشکردنی یادداشتی هەشت مامۆستای کورد بۆ کاربەدەستانی شۆڕش، کە تیایدا داوای دانانی بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە سەرپەرشتییکردنی کاروباری خوێندنی کوردییان کردبوو، بەڵام حکوومەتی شۆڕش لە جیاتی جێبەجێکردنی داواکە، سزای مامۆستاکانی دا. هەروەها لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق لە شوباتی ساڵی 1959دا، و لە یەکەم کۆنگرەی نەقابەی مامۆستایاندا، کە لە ڕێکەوتی1959/2/2دا لە شاری بەغدا و لە یەکەم کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شارۆچکەی شەقڵاوە لە ڕێکەوتی1959/9/10دا، جەخت لە سەر دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی کراوەتەوە، بەم شێوەیە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1959دا، ئەم ئاواتەی کوردان هاتەدی و بەڕێوەبەرایەتیێکی تایبەتی بە خوێندنی کوردی لە شاری بەغدا دامەزرا.

٣. سەبارەت بە ناونانی دەزگاکە، دوو بۆچوون لە ئارادا بووە، یەکەمیان ئەوە بووە کە ناوی دەزگاکە بندرێت (بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی) ئەم بۆچوونەش لەلایەن حکومەتی عێراقی و خودی عەبدولکەریم قاسمی سەرۆك وەزیراندا پاڵپشتی لێ کراوە، بۆچوونی دووەمیان کە بۆچوونی زۆربەی ڕۆشنبیران و مامۆستایانی کورد بووە، لەگەڵ ئەوە بووە ناوی دەزگاکە بندرێت (بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەعاریفی کوردستان)، بە ئامانجی فراوانکردنی کارەکانی و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی تەواوی بواری پەروەردە و خوێندنی کوردی لە ناوچەکانی کوردستاندا، ئەم بۆچوونەش لە کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە و لە ڕوپەڕی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی وەك ڕۆژنامەی خەباتدا، جەختی لەسەر کراوەتەوە بەڵام دواجار بە پێداگیری دەسەلاتدارانی عێراق، بۆچوونی یەکەم لە ناونانی دەزگاکەدا واتە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی) شوێنی خۆی گرتووە، کە زیاتر مەبەستەکە سیاسی بووە و پەیوەندی بە وشەی (کوردستان)ەوە هەبوو، نەیان ویستووە ئەم وشەیە بەسەر ناوی دەزگاکەوە بێت.

٤. بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە توانی گەلێک چالاکی بە ئاراستەی بواری پەروەردە و خوێندنی کوردی ئەنجام بدات, لەو چالاکییانەش وەک دانانی چەند لێژنەیەکی تایبەت سەبارەت بەدانان و وەرگێڕانی کتێبی کوردی کاری ئەم لێژنانەش هەر لە ساڵی ١٩٦٠ەوە تاکوو کۆتایی ماوەی ئەم توێژینەوەیە ١٩٧٥ بەردەوام بووە، لەو ماوەیەدا کتێبە پەروەردەییەکانی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن لە کوردستان بەزمانی کوردی ئامادە کران، لەگەڵ ئەمانەدا زۆر کاری دیکەش بوونە ئامانجی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی و بەردەوام کاری لەسەریان کردووە، ئەوانیش وەك هەوڵدان بۆ دابینکردنی چاپخانەیەکی تایبەت بە دەزگاکە، تاوەکو ئەرکی چاپ کردنی کتێبە پەروەردەییەکان ڕاستەوخۆ بگرێتە ئەستۆ. هەروەها دەرکردنی گۆڤارێکی مانگانە بە ناوی (پەروەردە و زانست) و یارمەتیدانی نووسەر و ڕۆشنبییرانی کورد بوو، بۆ چاپ کردنی بەرهەمەکانییان، بەتایبەت بە زمانی کوردی. یەکێکی دیکە لە کارەکانی دەزگاکە، هەوڵدانی بوو بۆ دۆزینەوەی زاراوەی زانستی و پەروەردەیی لە زمانی کوردییدا و چەسپاندنی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا، بۆ ئەم مەبەستەش فەرهەنگی تایبەت بەم زاراوانە دروستکراون. هەروەها هەوڵ دراوە لە ڕێگەی لێژنەی تایبەتی زمانەوانییەوە زاراوە زانستییەکان لە لاتینییەوە وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی و بەراوردی لەگەڵ وەرگێڕانە عەرەبییەکە پێ بکرێت. بەپێی بڕیارەکانی سێیەمین دانیشتنی ئەنجوومەنی پەروەردە لە ڕێکەوتی 1975/10/13دا تاوتوێی ئەم بابەتە کراوە.

٥. لەگەڵ هەموو ئەو دەسکەوتانەدا کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، لە بواری پەروەردە و خوێندنی کوردییدا بە دەستی هێنا، بەڵام لە کێشە و کەموکوڕی بە دەرنەبوو، بوونی ئەم کێشانە بوونە ئاستەنگ لە بەردەم بەدیهاتنی تەواوی ئامانجەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە. وەک ئاڵۆزی بارودۆخی سیاسی وڵات ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر چالاکییەکانی دەزگاکە دروست کردووە. هەروەها کێشەی کەمی مامۆستا، کە بۆشاییەکی گەورەی لە خوێندنیی قوتابخانەکاندا دروست کردبوو. ئەمە وێڕای زۆر کێشەی دیکەی بەڕێوەبەرایەتییەکە، وەك کەمی کارمەندی شارەزا بەتایبەت لە بابەتی دانان و وەرگێڕانی کتێبە پەروەردەییەکان و دانانی زاراوە زانستییەکان، هەروەها بابەتی چاپ کردنی کتێبە پەروەردەییەکان، کەوا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکە دادەندران و وەردەگێڕدران، چونکە بەڕێوەبەرایەتییەکە خاوەن چاپخانەی خۆی نەبووە، بۆیە بەردەوام کێشەی لەگەڵ چاپخانەکاندا هەبووە، وەك دواکەوتنی چاپکردنی کتێبەکان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا.

### 6. پەراوێزەکان:

1. ئەگەر هەردوو (گۆڤاری گەلاوێژ/ 1939-1949) و (نزار/ 1948-1949) بە نموونە وەربگرین، کە هەردووکیان لە شاری بەغدا دەردەچوون، وێڕای ئەوەی چەندان دەقی ئەدەبی کوردی بە پێزیان بلاوکردۆتەوە، لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی بلاوکردنەوەی فەرهەنگی کوردی و وتاری زمانەوانیی، کەوتوونەتە بایەخدان بەو لایەنە، بڕوانە: "گەلاوێژ"(گۆڤار)، بەغدا، ژ(7-8)، ساڵی 3، تەمموز و ئابی 1942، ل94-96؛ ژ(9-10)، ساڵی3، ئەیلوول و تشرینی یەکەمی1942، ل87-94. هەروەها بڕوانە: "نزار"، ألجمهورية العراقية(3)، نیسان1948، ص6؛ ألجمهورية العراقية(6)، 15 حزيران 1948، ص.3

2. البلاد: ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسیی گشتی بووە، لە دوای شۆڕشی چواردەی تەممووزدا، ڕۆژنامەنووسی عێڕاقی فایەق بگی(1935-2016) لە شاری بەغدا دەری کردووە، تاکوو کودەتای 8ی شوباتی 1963، لە دەرچوون بەردەوام بووە، زیاتر شیوعییەکان لێیان دەنووسی. جەمال نەبەز، باسنامە...، ل.33

3. دەربارەی ئەم بابەتە ڕۆلی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە کردنەوەی دەزگایەکەدا بڕوانە: ؛ خەبات، ژ(15)، 1959/7/21؛ "ئازادی"، ژ(39)، 1959/12/12؛ "هەتاو" (گۆڤار)، ژ(162)، هەولێر، ئەیلوولی 1959، ل2-3.

٤. ئەم چاپخانەیە لە ڕێکەوتی 1978/1/5 دا لە شاری هەولێردا کرایەوە، لە سەرەتادا بڕیاربوو پرۆژەکە پەیوەست بکرێت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی، بەڵام دواتر لە ڕێکەوتی 1977/1/27 دا، خرایە سەر وەزارەتی پەروەردە. (جرجيس، 1988، ص220).

### 7. لیستی سەرچاوەکان:

**یەکەم/ کتێب:**

**أ. بە زمانی کوردی:**

١.ئیدمۆندس، سیسیل جۆن، کورد تورك عەرەب، و:حامید گەوهەری، هەولێر، 2004، ل512.

٢.حەسەن، غازی، خوێندەواری ڕێگایەکی سەخت و درێژ لە کوردستاندا، چ1، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2008.

٣.خەزنەدار، مارف(دکتۆر)، ڕۆژگاری من-کەمێك ئاشتی و برێك هێمنی 1968-1975، ب5، هەولێر، .2010

4. زەکی، محەمەد ئەمین، دوو تەقەلای بێ سوود، ئا: سەباحی غالب، لەندەن، 1984.

٥. کاکە مەم بۆتانی، کاکی کاکان، هەولێر، ١٩٩٨.

٦.لقی سلێمانیی نەقابەی مامۆستایان، کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوا، ژ:7، سلێمانی، 1960.

٧.فەیزی، عیزەددین، یەکێتی نووسەرانی کوردو دووکۆڕ، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، هەولێر، 1981.

٨. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور، گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عێڕاقدا، هەولیر، 2004.

٩.نەبەز، جەمال ، باسنامە-چەند گوژمێکی جۆلانەی کردە و بەسەرهاتم، هەولێر، 2012.

١٠.نەریمان، مستەفا، ببلیۆگرافیای کتێبی کوردی1878-1975، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1977.

١١.______ ، بیرەوەری یەکانی ژیانم، بغداد، 1994.

١٢.نەجار، هۆشەنگ سالح، بزاڤی ڕۆشنبیریی لە شاری هەولێر (1958-1975)دا، هەولێر، .2016

١٣. هاوار، م.ر، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروری کوردستان، لەندەن، 1991.

ب. بەزمانی عەرەبی:

١. أبو پرشنگ، ا.ب، عن ألتعليم فی کردستان العراق، کوردستان، .1986

2. بوتاني، عبدالفتاح علي (الدكتور)، وثائق عن الحركة القومية الكوردية، اربيل، 2001.

٣. ___________، مدرسة 11 أذار، أول مدرسة كردية فی مدينة الموصل مع نبذه ألتاريخية عن التعليم فی کردستان العراق، أربيل، 2002.

٤. جرجيس. نزار ، صحافة أربيل، بغداد، 1988.

٥.الحصري. ساطع، مذكراتي في العراق1921-1941، بيروت، 1968.

٦. ألجمهوريه العراقية، وزاره شؤون الشمال، منجزات وزارة شؤون الشمال، بغداد، 1969.

٧. محمد، شيرزاد زكريا، الحركة القومية الكوردية في كوردستان العراق 8شباط1963-17تموز1968، دهوك، 2006.

دووەم. وتار و بابەتی ڕۆژنامەوانی :

أ. بە زمانی کوردی:

١.باڵدار ، ئیبراهیم ئەمین، زەنگی کاروانی ڕێنووسی کوردی، "ڕۆڤار" (گۆڤار)، سلێمانی، ژ(43)، 2006/12/15.

٢.خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا (دکتۆر)، زمانی کوردی لە دەستوورەکانی عێراق و دەستووری هەرێمی کوردستاندا، "ڕامان"، ژ(194)، تەمموزی 2013.

٣.شارەزا، کەریم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی، "پەیامی ئەیلوول" (گۆڤار)، هەولێر، ژ(3)، بەهاری 2008.

٤.فوئاد، ئیحسان (دکتۆر)، خوێندنی کوردی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا، "ڕۆشنبیری نوێ"، ژ(99)، ئەیلوولی 1983.

٥.نەریمان، مستەفا، کاروانی ڕۆشنبیری کوردی لە ساڵانی بیستەوە تاکوو ڕۆژی ئەمڕۆمان، "ڕۆشنبیری نوێ" (گۆڤار)، بەغدا، ژ(99)، ئەیلوولی 1983.

**ب. بەزمانی عەرەبی:**

- كاكائي. هياس ، مشاكل التعليم في كوردستان العراق، گولآن العربي (مجلة)، ع:8، 1997/1/25.

سێیەم. ڕۆژنامە و گۆڤارەکان:

أ. ڕۆژنامەکان بە زمانی کوردی:

١."ژین"، ژ(1432)، 1959/2/26.- ژ(1431)، 1959/2/19.

٢. "خەبات"، ژ(2)، 1959/4/8. ژ(15)، 1959/7/21.

٣."ئازادی"، ژ(39)، 1959/12/12.

٤."هاوکاری"، ژ(139)، 1972/10/21. ژ:209، 1974/3/15.

٥."برایەتی"، ژ:9، 1974/1/17.

ب. ڕۆژنامەکان بە زمانی عەرەبی:

١."خەبات" ، ألجمهورية العراقية(153)، كانون الثاني 1960. ألجمهورية العراقية(156)، كانون ألثاني 1960.

٢."التأخي"، ألجمهورية العراقية(844)، 1971/9/25.

ج.گۆڤار بە زمانی کوردی:

١. گەلاوێژ"، ژ(7-8)، ساڵی 3، تەمموز و ئابی 1942. ژ(9-10)، ساڵی3، ئەیلوول و تشرینی یەکەمی1942.

٢."هەتاو"، ژ(162)، ئەیلوولی 1959. ژ(177)، مایسی 1960.

٣."پەروەردە و زانست" ژ(1)، 1971. ژ(2)، 1971. ژ(5) بەهاری 1973. ژ(5) بەهاری 1973.

د. گۆڤار بە زمانی عەرەبی:

"نزار"، ألجمهورية العراقية(3)، نيسان1948. ألجمهورية العراقية(6)، 15 حزيران 1948.

چوارەم. چاوپێکەوتن:

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولڕەزاق محەمەد ساڵح-بیمار (2017/7/13) لە شاری کۆیە. ناوبراو ساڵی 1936ز لە شارۆچکەی کۆیە لەدایك بووە. دەرچووی بەشی کوردی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدایە (1963). هەرلە پەنجاکانەوە هاتۆتە ناو بواری نووسین و ئەدەب و شانۆ. لە یانەی سەرکەوتنی کوردان و ئێستگەی کوردی و بەشێك لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان و هەفتاکاندا کاری کردووە.

٢. لە شاری هەولێر، ناوبراو ساڵی 1937 لە شارۆچکەی (کۆیە) لەدایك بووە، دەرچووی بەشی عەرەبی زانکۆی بەغدایە (1962)، هەر لە ساڵی 1961ەوە بۆتە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی عێراق، لە دوای ڕێککەوتنامەی ئادار ئەندامی لێژنەکانی دانان و وەرگێڕانی کتێبە پەروەردەییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی بووە، لە بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردییدا ناوێکی دیارە، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە ڕەخنە و ئەدەبدا.

**پێنجەم. ئینتەرنێت:**

- نظام مديرية الدراسة الكردية العامة رقم (22) لسنة 1972، في موقع:

.http://wiki.dorar-aliraq.net/iraqilaws/law/5854.html1

**المديرية العامة للدراسة الكوردية**

**الملخص**

بعد الحاق ولاية الموصل التي كانت تشمل جنوب كوردستان تقريبا، بالمملكة العراقية، كان من المفروض ان يتمتع الشعب الكوردي بحقوقه القومية في اطار الدولة الجديدة، ومن ضمن تلك الحقوق حق التعليم باللغة الكوردية، الا ان الدولة العراقية لم يمنح هذه الحقوق لهم. وبعد قيام ثورة 14 تموز 1958 حصل الكورد على ببعض حقوقه، منها فتح المديرية العامة للدراسة الكوردية في عام 1959، والتي اخذت تهتم بالدراسة الكوردية وتطوير المجالات التربوية في كوردستان، تمكنت هذه المديرية خلال فترة هذه الدراسة (1959-1975) من تحقيق انجازات المهمة في مجال التربية والثقافة الكورديتين وذلك من خلال ترجمة وتأليف الكتب التربوية للمدارس وكذلك فتح المدارس الجديدة في كوردستان. الا ان المديرية واجهت بعض المشاكل والنواقص، حتى انها تعرضت فترة من الزمن الى الاغلاق، الى ان تم فتحها مرة اخرى في عام 1967 لتعود بهجة ونشاط الى العمل. وبعد اتفاقية 11 اذار 1970 خدمت المديرية الحركة التربوية والثقافية الكورديتين، فقد تم اصبحت الدراسة في جميع المراحل في مدارس كوردستان باللغة الكوردية وفتحت عشرات الدورات التربوية لمعلمي الكورد و بنت العديد من المدارس الجديدة في كوردستان، وبذلك فأن هذه المؤسسة التعليمية قد ساهمت مساهمة فعالة في تطوير الحركة الثقافية الكوردية حتى عام 1975.

**Directorate of Kurdish studies 1959-1975**

**Abstract**

After the linking of the state of Mosul to Iraq in 1925 was supposed the Kurdish national right to be taken into consideration, one of them was Kurdish studies , but Iraq did not agree with that claim well, contrary with 14th July 1958 revolution, a portion of these privileges had given to the Kurds, one of the privileges was opening the directorate of Kurdish studies 1n 1959, that directorate had focused on Kurdish studies and education in Kurdistan, through out this research 1959-1975 was provided Kurds with so many achievements such as translating and establishing Kurdish education syllabus in the Kurdistan district, and opening some new schools, but that directorate has some problems too, even it led to its closing for a period, but 1967 reopened again. After the treaty of March 1970 the directorate with and active way started working again, studies in Kurdistan's schools in all their stages started studying in Kurdish language, tens of educational course established for Kurdish teachers and tens of new schools had built, until 1975 the directorate of the Kurdish studies worked in an effective way in Kurdish cultural movement.

## 8. پاشکۆ:

لیستی ناوی ئەو کتێبانەی لە ماوەی ئەم توێژینەوەیەدا (١٩٥٩-١٩٧٥) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردییەوە چاپ کراون، یان یارمەتی چاپکردنیان دراوە:

| ژمارە | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | شوێنی چاپ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | چیرۆك | دكتۆر كاوس قەفتان | بەغدا | 1965 |
| 2 | كۆمەڵێك لاوك و حەیران | محەمەدی مەلا كەریم | بەغدا | 1968 |
| 3 | داستانی دوو پاڵەوان | ڕەمزی قەزاز | بەغدا | 1968 |
| 4 | تەفسیری خاڵ | شێخ محەمەدی خاڵ | بەغدا | 1969 |
| 5 | یەزیدییەكان و ئایینی یەزیدی | شاكر فەتاح | سلێمانی | 1969 |
| 6 | بیست پیشەسازی كیمیاوی | كەمال جەلال غەریب | سلێمانی | 1969 |
| 7 | ئافرەتە ناودارەكانی كورد | جەبار جەباری | كەركووك | 1969 |
| 8 | هۆنراوەكانم | ئاری | بەغدا | 1969 |
| 9 | دیلان | محەمەد ساڵح دیلان | بەغدا | 1969 |
| 10 | سەید كەڵەك | جەمال بابان | بەغدا | 1969 |
| 11 | ئەڵەمان كوردی | دكتۆر مارف خەزنەدار | بەغدا | 1969 |
| 12 | دنیای چیرۆك بۆ منداڵان | شوكور مستەفا | بەغدا | 1969 |
| 13 | لە پەندەكانی پیرەمێرد | پیرەمێرد | سلێمانی | 1969 |
| 14 | چیم دی | ئەحمەد خواجە | سلێمانی | 1970 |
| 15 | خەبات لە ڕێی كوردستاندا | جەلال تەقی | سلێمانی | 1970 |
| 16 | مێژووی ڕۆژنامەگەریی كوردی | جەبار جەباری | سلێمانی | 1970 |
| 17 | دان بە تاوانەكانما ئەنێم | جەمال شاڵی | سلێمانی | 1970 |
| 18 | دێدەوانی | ساڵح عەلی | سلێمانی | 1970 |
| 19 | دیوانی بێخود | بێخود | بەغدا | 1970 |
| 20 | زێڕگوڵ | ساڵح عەلی گولی | بەغدا | 1970 |
| 21 | بانگی كوردستان | محەمەد تۆفیق وردی | بەغدا | 1970 |
| 22 | مەسەلەی ویژدان | ئەحمەد موختار جاف | بەغدا | 1970 |
| 23 | ئاشتی كوردستان | محەمەد ساڵح سەعید | بەغدا | 1970 |
| 24 | چیرۆكەكانی مەم | محەمەد مەولوود مەم | بەغدا | 1970 |
| 25 | ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی | دكتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ | بەغدا | 1970 |
| 26 | تەفسیری كوردی | شێخ محەمەدی خاڵ | بەغدا | 1971 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 27 | خەبات لە ڕێی کوردستاندا | جەلال تەقی | سلێمانی | 1971 |
| 28 | مامۆستای نەمر | نەریمان | بەغدا | 1971 |
| 29 | شۆڕشێکی نوێ لە کوردستاندا | جەمال شاڵی | سلێمانی | 1971 |
| 30 | شەوچەرە | تاهیر حەوێزی | بەغدا | 1971 |
| 31 | فۆلکلۆری کوردی | محەمەد تۆفیق وردی | بەغدا | 1971 |
| 32 | دیوانی سەیدی | سەیدی هەورامی | سلێمانی | 1971 |
| 33 | دیوانا کرمانجی | عەبدولڕەقیب یوسف | نەجەف | 1971 |
| 34 | زەبری هۆنراوە | کامەران موکری | سلێمانی | 1971 |
| 35 | ڕێگەی دوور | کەریم شارەزا | نەجەف | 1971 |
| 36 | شانۆی ناو ماڵ | سەفوەت | بەغدا | 1971 |
| 37 | کلافەیەك ژانی تورە | حسێن عارف | نەجەف | 1971 |
| 38 | ڕێبازی ژیان | جەلال مەحموود عەلی | سلێمانی | 1971 |
| 39 | داسەکەی شاسوار | ئەمینی میرزا کەریم | سلێمانی | 1971 |
| 40 | سمکۆڵی ئەهریمەن | کاکە مەم بۆتانی | سلێمانی | 1971 |
| 41 | فەرهەنگی زانیاری | عبدالقادر بەرزنجی | سلێمانی | 1972 |
| 42 | تەندروستی گشتی | دکتۆر عەبدولڕەحمان عەبدوڵلآ | بەغدا | 1972 |
| 43 | چۆن ئەبیتە مامۆستایەکی سەرکەوتووی ئینگلیزی؟ | محەمەد ئەمین هەورامانی | بەغدا | 1972 |
| 44 | لێدوانێکی کورت لە مەقام و مۆسیقای کورد | عوسمان شارباژێڕی | سلێمانی | 1972 |
| 45 | عیسا دەلا | مەعسوم ئەنوەر مائی | نەجەف | 1972 |
| 46 | شەونامەی شاعیرێکی تینوو | عەبدوڵلآ پەشێو | بەغدا | 1972 |
| 47 | دڵی کوڕان | مەدهۆش | سلێمانی | 1972 |
| 48 | ڕاوەبەران | دکتۆر کاوس قەفتان | سلێمانی | 1972 |
| 49 | فاڵچی | حەمە کەریم هەورامی | سلێمانی | 1972 |
| 50 | پیاوە بچکۆڵەکە | فەرەیدوون عەلی ئەمین | بەغدا | 1972 |
| 51 | مەولەوی | أ.ب.هەوری | سلێمانی | 1972 |
| 52 | دەربارەی ڕەخنە | جەلال تەقی | سلێمانی | 1972 |
| 53 | سەرەتایەك بۆ فیلۆلۆژی زمانی کوردی | محەمەد ئەمین هەورامانی | بەغدا | 1973 |
| 54 | جەنگیزخان لەناوبەری گەلان | عومەر محەمەد | نەجەف | 1973 |
| 55 | چیم دی | ئەحمەد خواجە | سلێمانی | 1973 |
| 56 | شەڕەکانی ئەسکەندەری مەقدۆنی | جەلال تەقی | سلێمانی | 1973 |
| 57 | من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ | شێرکۆ بێکەس | بەغدا | 1973 |
| 58 | هەندێ لە بەیت و هەڵبەستەکانی عەلی بەردەشانی | عەلی بەردەشانی | نەجەف | 1973 |
| 59 | دەستی ئۆخەی | ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل | سلێمانی | 1973 |
| 60 | ئەو پیاوەی وێرای بپرسێ | جەلال تەقی | سلێمانی | 1973 |
| 61 | لە گەرووی مەرگەوە | تاهیر ساڵح سەعید | سلێمانی | 1973 |
| 62 | هاوکاری | بەرهەمێکە بۆ منداڵان | بەغدا | 1973 |
| 63 | شاعیرە ناو ونبووەکانمان | عەلی باپیر ئاغا | سلێمانی | 1973 |
| 64 | قوتابخانە مەڵبەندێکی کۆمەڵآیەتییە | جەمال عارف ئەمین | سلێمانی | 1974 |
| 65 | ئەدەبی منداڵان و لێکۆڵینەوەی | محمەد رشید فتاح | سلێمانی | 1974 |
| 66 | فۆلکلۆر و یاری وەرزشی کورد | ساڵح عەلی | سلێمانی | 1974 |
| 67 | نامەی قانیع | قانیع | بەغدا | 1974 |
| 68 | گلێنەی گۆریچە دراو | سەلام مەنمی | سلێمانی | 1974 |
| 69 | ئەسیری شاعیرێکی شۆڕشگێڕی قۆناخی دوای حاجی قادری کۆییە | کەریم شارەزا و جەبار جەباری | هەولێر | 1974 |
| 70 | ئەدەب و ڕەخنە | عەزیز گەردی | بەغدا | 1974 |
| 71 | پاکژی | بەرهەمێکە بۆ منداڵان | بەغدا | 1974 |
| 72 | جووجەڵە و بێچووە مراوی | بەرهەمێکە بۆ منداڵان | بەغدا | 1974 |
| 73 | سێو | بەرهەمێکە بۆ منداڵان | بەغدا | 1974 |
| 74 | چوارین (هەڵبەست و نیگار) | ئەحمەد تاقانە | بەغدا | 1975 |
| 75 | گەنمە شامی | بەرهەمێکە بۆ منداڵان | بەغدا | 1975 |
| 76 | جۆگە | پەخشنامەیەکە بۆ خوێندنی بەردەوام | بەغدا | 1975 |

**سەرچاوە:**

نەریمان، مستەفا، ببلیۆگرافیای کتێبی کوردی1878-1975، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1977.